# بة ثةلة

## ((میللەت و پێشمەرگە))

لە سەرەتای هەشتاکانداو لە کۆبونەوەیەکی ئاسایی تێکڕای سەرۆک فەرمانگەکانی سلێمانیدا ، دکتۆر نجم العراقی کە ئەو کاتە لێپرسراوی حزبی بەعس بوو لە سلێمانی، وتارێکی بۆیان ئەخوێندەوەو تیایدا وتی لەساڵی(١٩٥٩)دا، خۆیی‌و برادەرێکی بەکارێکی نهێنی حزبەکەیان لەموصڵەوە ئەڕۆن بۆ بەغدا، کاتێ ئەگەنە ئەوێ، ئەبینن عبدالکریم قاسم وتار ئەخوێنێتەو ەو حەشامێکی زۆر بە(عاش الزعیم٠٠٠ عبدالکریم) دەورەیان داوەو دەرزیشت هەڵبدایە نەئەکەوتە سەر زەوی٠٠٠٠ وتی بە برادەرەکەم وت لەوە ئەچێ ئێمە دوای کڵاوی بابردوو کەوتبین، ئەوەتا ئەم زەعیمە٠٠٠ ئەم هەموە میللەتەی لەپشتە چۆن بە ئێمە ئەکەوێ؟؟ پاشان وتی برادەرەکەم وتی بەسەری تۆ نا، بەسەری خۆم ئەگەر ئێمە سبەینێ بڕۆینە سەر ئەو کورسی حوکمە، ئەم میللەتەی تۆ ئەیبینیت لەجیاتی (عاش الزعیم) دروشمێکی وا ئەدوزێتەوە لە قوتوی هیچ عەتارێکا نیە٠٠٠ دواجار وتی ئەوەبوو دیمان عبدالکریم بێگۆڕکراو ئێستاش (سید الرئیس!!) بۆ هەر کوێ ئەڕوات بە(هەلەبیک هەلە) میللەت پێشوازی لێئەکات٠

بەڕای خۆم دکتۆر نجم هەتا ئێرە ڕاستیکرد، بەڵام بیری ئەوەی نەبوو، ئەوەی ئەیلێ کاڵایەو بەقەد باڵای خۆیشیانا دوراوە، چونکە ئەو کاتە حزبی بەعس تازەخەریکبوو دەستی بەخوێنی میللەت سور ئەبوو، ئەوەش بوو میللەتی داخ لەدڵ بەتێڵاو دارو بەردەوە پەلاماری ئاگرو ئاسنەکەیانی داو توانی بەعس ڕیشەکێش بکاتو ئیتر میللەت و پێشمەرگەو سەرکردەکانیش بەچەشنێ تێکەڵبوبوون، جیا کردنەوەیان مەحاڵبوو، هەر بۆ نمونە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینا داوای خوێن بەخشین لە میللەت کرا بۆ بریندارەکانی ڕاپەڕین، یەکێک لەستافەکانی خەستەخانەی تەواری وتی هەرچی خەڵک هەیە لە سلێمانیدا پێکەوە وەکو گەڵای دار ڕژانە ناو حەوشەی خەستەخانەکەوەو بە توڕەبونەوە داوایان ئەکرد، ئەمیان پێش ئەویان خوێنی لێ ڕابکێشین، بەڵام ئەوان ئەوەندە زۆر بوون، ناچار داوامان لێ ئەکردن بڕۆن چۆڵی بکەن، چونکە ئەگەر تا دوو ڕۆژی تریش لەوێدا ڕابوەستن، ناتوانین نیوەی نیوەتان بەڕێبکەین، بەڵام ئەوان ئەوەندە بە پەرۆشی ئەو خوێن بەخشینەوەبوون هاواریان ئەکرد، ئەمانەش پاش ماوەی بەعسن نایانەوێ خوێن ببەخشین‌و بریندارەکانمان لە مەرگ ڕزگار بکەین!!!!

بەڵێ هەر ئەو برادەرە، لەکاتی شەڕی برا کوژی ناو شاری ناوەڕاستی نەوەدەکاندا وتی هەرچەندە بە تەلەفزێون‌و ڕادۆێ هاوارو فوغانی زۆر لە میللەت کرا بۆ ئەوەی بڕۆن خوێن ببەخشن، بەڵام وەکو ئەوە وابوو (بەیت بۆ بلەیان)بکەن، چونکە لە چەند ئەندامێکی ڕێکخستنی خۆیان نەبێ، یەک بەشەر وەکو بەرەی میللەت نەهاتە دەم هاوارو فوغانەکەیانەوە دڵۆپێ خوێن ببەخشێت!!!!

بەڵێ، ئیتر ئەوەندەی نەبرد، میللەتو پێشمەرگە چونە دوو بەرەو بگرە دوو سەنگەری جیاوازەوە، تا ئەو ڕادەیەی لە (کەلارو تەنانەت لە هەڵەبجەش) پێشمەرگەی قارەمان توانی تەقە لەو خەڵکە بکات کەلەتاو برسێتی‌و نەبونی‌و بێخزمەتی هاتبونە سەر شەقامەکان٠

لێرەدا جارێکی تر قسەی ئەو کابرا بەعسیە لەسەر خۆیشمان دووبارە بوەوەو هێشتا مەنزڵ دورە، خوا بکاخرابترمان لێ نەقەومێ٠

**قالة**